رازەکانی ئەوین و هەناسەکانی دەریا-7-.. تێکست: ستیڤان شەمزینی

رازی حەوتەم

ئازیزم ئازارێکم هەیە
لە ئازاری وەسێتنامەی پەپولەیەک ئەچێ
لە بێداربوونەوەی پاش داڵغە خۆشەکان ئەچێ
لە بەربوونەوەی ئەستێرەی دڵخۆشی ئەچێت
رەنگی رەشە، وەک مەراقە قەترانییەکان
تامی تاڵە، وەک ئەو پێکەی مەستت ناکات
لەگەڵ ئەو هەموو ئازارەشدا
وەک گۆرانییەکی نەوتراو خۆشم ئەوێی
ئازیزم خەونێکی زڕاوم هەیە
لە خەونی بولبولی لە قەفەسنراو ئەچێ
لە تەنگیی قەبری پەڕەسێلکەی هیوا ئەچێ
لە کوتانەوەی سەری شیعر ئەچێ
دوور و درێژە، وەک رێگای سەفەرێکی وێڵ
دژوارە، وەک راکردن لە دەستی ئیزرائیل
لەگەڵ ئەو هەموو خەونە زڕاوەشدا
وەک خۆشەویستی، خۆشم ئەوێی

نا، هیچ کات مەرگم خۆش ناوێ
چۆن ئاگر ناتوانێت دەستبەرداری
حەزی سووتان بێت
ئاوها منیش ئالودەی ژیان بووم و
فەرشی سوور بۆ پێشوازیی رائەخەم
بەڵام بە بەرچاوی بێدەنگی تۆوە
داڵی مەرگ، پارچە پارچە
گۆشتی ژیانم دائەکرمێنێت
نا، هیچ کات مەرگم خۆش ناوێت
چۆن ماسی چاوی بەرایی نادا
تەڕایی دەریا جێبهێڵێت
ئاوها منیش دەستم بە ژیانەوە گرتووە و

ھەموو رۆژێک گۆرانییەکی نوێی بۆ ئەڵێم
بەڵام بە بەرچاوی بێدەنگی تۆوە
باھۆزی مەرگ، گەڵا گەڵا
درەختی تەمەنم ئەوەرێنێت

باوەڕم وایە تۆش وەک خۆمیت
سەدان ئێوارەی خەمناک
ویستووتە لەگەڵ رەوە پەپولەیەکی رەنجاو
گالیسکەی گریان
بەدوای خۆتدا کێش بکەیت
سەدان عەسری لێڵ
ویستووتە لەگەڵ پۆلە ریشۆڵەیەکی گەڕۆک
لە شەقامەکانی تەنھایی خۆت ھەڵبێیت
سەدان شەوی خامۆش
ویستووتە لەگەڵ چرکە چرکی کاتژمێرێکدا
بەرەو دەرەوەی زەمەن سەفەر بکەیت
باوەڕم وایە تۆش وەک خۆمیت
ئەو دەمەی دنیا پڕ دەبێت لە ژاوەژاو
تۆ بە زمانی بێدەنگی باسی
لرفەی ئەو “با”یانە ئەکەیت
بینایی عەشق پڕ ئەکەن لە تۆزی کینە
ئەو دەمەی دەفری وجود
پڕ دەبێت لە ژەھر
تۆ بە فۆنتێکی ھەنگوینی
لەسەر پێستی چرچی ژیان ئەنووسیت
عەشق، واتە توانەوەی من لە تۆدا

تۆ چی ئەبینیت لە مندا؟
جگە لە بورکانێک وشە و
دەفتەرێک شیعر
جگە لە نیگایەکی دوور و
دڵێکی ئێجگار نزیک
جگە لە رووخسارێکی پیر و
رۆحێکی لاو
جگە لە جەستەیەکی ماندوو و
دوو چاوی پڕ گڕ
جگە لە خۆم لە ئاوێنەی رۆحتدا

من چی ئەبینم لە تۆدا؟
جگە لە باڵندەیەکی شەرمن و
فڕینێکی بەرز
جگە لە بڵێسەی روانین و
بۆنی چڵێک نێرگز
جگە لە هەستێکی وەنەوشەیی و
دەریایەکی پڕ شەپۆل
جگە لە بەرامەی ژیان و تامی ماچ
جگە لە خۆت کە وەک جادوویەک
بە ئەسپایی رژایتە چاومەوە

ئەو هەموو شیعرە لە کوێ بێنم؟
زریکەی ئەو هەموو گوڵە ژاکاوە بنووسمەوە
ئەو هەموو هەستە ئاڵە تاساوە یاداشت بکەم
ئەو هەموو سەفەرەی بەردەم ماڵی مردن بهۆنمەوە
ئەو هەموو کەفەی دەمی دەریا
بکەمە چوارینە
ئەو هەموو خەونە دزراوەی
نێو دوعاکانی دایکم
بکەمە پێنج خشتەکی
ئەو هەموو خەونە چۆن ببینم؟
تەرزە دڵی پەلکە گیا زویر نەکات و
سەفەر نیشتمان نەکاتە تەرمیناڵ
کتێبی فڕین لە پاساری نەدزرێ و
چاوی کانییەکی عاشق پڕ نەکرێت
لە بەردی دابڕان
من ئیدی خەونێکم نەماوە بۆ بینین!

من چۆن بتوانم
بەم دەنگە نوساوەوە ببمە حەیرانبێژی
ئەو یاسەمینە بێزارانەی
تەرمی خۆیان بەرەو فەنابوون لە کۆڵ ناوە
یان ئەو ئینجانانەی بەر لەسەفەر
لە حەوشەی چاوەڕوانیدا جێمهێشتن؟
ئەفسوس بەم دەنگە نوساوەوە
ناتوانم ببمە حەیرانبێژی
کچێک کە هەموو شەوێک

خەونم پێوە ئەبینێ و
لە ئەشکەوتەکانی غوربـەتدا
بەدوامدا ئەگەڕێ
یان ببمە شەکەتترین حەیرانبێژی
ئەو سەربازو□ کوژراوەی بەرەی جەنگ
کە لە گیرفانیدا تەنها وێنەی دایکی و
نامەیەکی چرچبووی
مەعشوقەکەی تێدا جێما بوو
ئەفسوس ناتوانم